# " تا مرۆڤێ لە جیهانا مابێ  ئازاد نەبێ، منیش هەست بە ئازادی ناکەم "



دیمانە لەگەڵ Ann-kristin ئەندامی کۆنسەی ڕابەری ناوەندی ژنانی ئۆتامارا/ ئەڵمانیا

**ئامادەکردنی:سەلام محەمەد**
دانمارک
Salam96@gmail.com



ڕۆژانی 1-2 ی مانگی 12 کۆنگرەی دوەمی نائاسایی "ڕێکخراوی چاک" لەکۆلن/ئەلمانیا گیرا، منیش وەک ئەندامێ بەشداریم کرد. ئەو شوێنەی کە بۆ کۆنگرە بەکرێ گیرابوو، بۆ دانیشتن و خواردن و خەوتن، (ناڤەندا جیڤانا ژنا ئوتامارا- Navanda Jivana Jine UTAMARA ) بوو. کەلەبنار گردێ وشوێنێکی دڵگیر بوو نزیک شاری بۆن، ڕۆژی پشتر  بۆ ئێوارەکەی لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێیان گەیشتین .لەلایەن 3 ئافرەتەوە پێشوازی کراین( کەبەزاراوەی کرمانجی دەپەیڤین) پاش ماوەیەکی کورت زانیم کە یەکێ لەوانە کچێکی ئەڵمانیەو خۆ بەخشانانە کار لەگەڵ ئەم سەنتەری ژنانە دەکا، تابڵێی سادەو ساکار  بوو لەڕەفتارو جل و بەرگدا، هەموو کارێکی دەکرد هەر لە خواردن دانان و هەڵگرتن و ئیشو کاری ناو مەتبەخەوە تادەگا بە ئیشو کارەکانی تری سەنتەر، بەکوردیەکی (کرمانجی) جوان و بێ گرێ و گۆڵ قسەی دەکردو ، بۆ منێکی کوردکە تائێستا ناتوانم قسە بە زاراوەی کرمانجی بکەم و لە بەشێکی ئاخافتنەکانی تێناگەم جێگای تێڕامان و سەرنج بوو..! بۆ من چەندین ساڵە نەمتوانیوە فیر بم؟ ئەوێک کە لە زمان و ڕەگەزو کولتورەوە گەلێک لێک دوورین چۆن توانی فێرببێ؟ هەربۆیە زوو چومە پێش لێی و مۆڵەتی گفت و گۆیەکم لێ وەرگرت بۆ دوای کۆنگرەکە.

- ئەگەر زەحمەت نەبێ کەمێک خۆت بناسێنی؟

Ann-kristin kowarsch

ناومە و تەمەنم 33 ساڵە و خەلکی وولاتی ئەڵمانیام

نزیک لە شاری هانۆڤەر، تاقانەم لەماڵ و هیچ  خوشکو برای ترم نین .

ناوەندیم تەواو کردووەو قەرار بوو لە زانکۆ لە بەشی ڕۆژنامەنوسی بخوێنم، بەلام تەواو نەکرد. دوای خوێندنم بۆ ماوەی دوو سێ ساڵ لە کتێبخانە کارم کردوە.

**- چۆن فێری زمانی کوردی بوویت؟**

ساڵی 1996 وانەی ئەڵمانیم ووتۆتەوە بە منالآنی پەنابەری کورد لە ئینستیوتی کورد لە هانۆڤەر- ئەلمانیا بۆ ئەوەی فێری زمانی ئەڵمانی ببن، لە بواری کارەکامدا ووردە ووردە فێری هەندێ ووشەی کوردی بووم و هەستم کرد ئەگەر کوردی بزانم باشتر ئەتوانم منالآن فێری زمانی ئەلمانی بکەم و بۆ منیش ئاسانتر ئەبێ بۆ ئەوەی گیروگرفتەکانیان باشتر حاڵی ببم.

**- چۆن تێکەڵاوی کوردان بویت و ئاشنایەتیت پەیا کرد؟**

ساڵی 90 بۆ 91 کوردم ناسی و تێکەڵاوی خوێندکارانی کورد بووم، و بەشداری گەلێ خۆپیشاندانی ئاشتیانەم کردوە بۆ ئاشتی دژ بە دەوڵەتی ئەڵمانیا بۆ ئەوەی چەک نەفرۆشێ بە تورکیا، هەروەها بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی ژنان و پەنابەران....هتد

**- تۆ کاتێک تاقانە بیت لەماڵ دایک و باوکت پێیان ناخۆش نیە کە دور کەوتویتەتەوە لێیان و لەگەڵ ڕێکخراوێکی کوردی کار دەکەی؟**

نا، دوای ئەوەی کەزانییان من پێم خۆشە لەم بوارەدا کار بکەم، بۆ بەرگری لە مافی ئینسانەکانی تر، ئەوان ئیستا بەوە خۆشحاڵن کاتێک ئەبینن کە کچەکەیان مورتاحە لە ژیان وکارەکانیدا. وە سەردانییان دەکەم و ئەوانیش هاتوون بۆ لام.

**- ئەم هەڵوێستەت هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەکردوی لەگەڵ هاوڕێیانی تری ئەڵمانیت یان خزم وکەس و کارت؟**

تا ئێستا توشی هیچ کێشەیەک نەبوم،بەڵام هەندێ کەس ڕەخنەم لێدەگرن کە بۆچی لەگەڵ ژنی کورد کار دەکەی؟ من دەڵێم کار ناکەم بۆیان، ئێمە بەیەکەوە کار دەکەین، بەتایبەت ئیستا کە من فێری زمانەکە بووم کارەکە بۆ من ئاسانترە، وە زۆربەی هاورێیانی من کوردن.

**- چ هەست و ئیحساساتێک پاڵی پێوەنای کە تۆ بێیت لەم تەمەنە جوانەی خۆتدا ئەم بوارە هەڵبژێری و دور لە کەس و کاری خۆت و لەگەڵ هاورێیانێک لە نەتەوەیەکی تردا کار بکەی؟**

ووتەیەکی جوانی نوسەرێکی ئەفریقی بوو( Audre lord ) کە لە ئەمریکا ژیاوە، ئەڵێت: **"تا مرۆڤێ لە جیهانا مابێ ئازاد نەبێ، منیش هەست بە ئازادی ناکەم."** کاتێ نووسینەکەیم خوێندەوە و ڕەوشی کوردانم لە نزیکەوە بینی ئەم ووتەیە تەواو ڕێچکەی ژیانمی گۆری ، بۆیە بڕیارم دا لەم بوارەدا تا پێم دەکرێ هەوڵبدەم و خەبات بکەم بۆئازادی ئینسانەکانی تر، هەروەک ئێستاش دەمبینی لێرە لەم سەنتەرەلەگەڵ ئەم هاورێ ئازیزانە کار دەکەم.

**- ڕات چییە لەسەروەزعی ژنانی ئەڵمانی ، بەتایبەت ئیستا کە سەرۆک وەزیران ئافرەتە؟**

بە گشتی باش نییە، ئەویش هەر لەدیدی پیاوانەوە دەروانێ بۆ کێشەکان، راستە ئێستا ئافرەت لە ئەڵمانیا بەشێوە کۆنەکەی (تقلیدی)یەکەی لێی نادرێ کە بەدەم و چاویەوە دیار بێ، بەڵکو شکڵ و شێوازی تری مۆدێرنی گرتۆتە خۆی بۆ لێدانی لە بوارەکانی تردا.

**- شوت نە کردوە تا ئیستا؟ بۆ؟**

(بە پێکەنینێکەوە) نەخێر شوم نە کردووە ناشمەوێ، ئاوا باشتر ئەتوانم کار بکەم.

**- ڕات چییە بەرامبەر ڕێکخراوە فیمینیستیەکان؟**

من ناڵێم ئافرەتێکی فیمینیستم، بەڵام دژیان نیم.

**- کوردستانت بینیوە تا ئێستا ؟**

بەڵێ، جاری یەکەم ساڵی 1995 بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک چووم بۆ ئامێدی لەگەڵ( لیژنەیەکی مافی مرۆڤ)، دواترساڵی 2004 چوم بۆ کەمپی مەخمور و ماوەی مانگێک مامەوە لە کوردستانی باشور کە خۆمان پرۆژەیەکمان هەبوو بۆ ناوەندی ژنان گەلێک سیمنارو کۆبونەوەمان ڕێکخست بۆ هۆشیار

کردنەوەی ژنان و چەندین ڕاگیری و چاوپێکەوتنمان سازکرد لەو بوارەدا، هەروەهاچەندین شارو شارۆچکەی تریشم بینی ژیانی ناو گەریلاکانیشم بینیوە.

**- ئەگەر بکرێ هەندێ زانیاریمان بدەیتێ لەسەر ئەم ناوەندە و ناوەکەی لە چییەوە هاتوە UTAMARA ؟**

ناوەندێکە خەبات دەکا لەپێناو مافەکانی ژناندا، بەتایبەت ژنانی کورد، وە هەوڵ دەدات بۆ وەگەڕخستنی تواناکانیان وهەوروەها چارەسەری کێشەکانیان.

ئوتامارا ناوی دوو هاوڕێی پیرۆزی شەهیدە (UTA+AMARA) لێکدراوەو کراوە بەیەک، هەر بۆیە کاتێ ئێوە هاتن بۆ کۆنفرانس بۆ ئەم هۆڵە پێمان ووتن کە دەتوانن هەموو وێنەوتابلۆکانی تر لا ببەن تەنهاوێنەی ئەم دوو هاورێ نەمرە نەبێ.

(UTA ) کچێکی ئەڵمانی بوو ، چالاک بووە لە بواری ژناندواو ساڵی 1992 چۆتە شاری دەرسیم و دواتر خەریکی خەبات بووە لەم بوارەدا لە ناو هەڤاڵاندا.

(AMARA ) ئەمیش کچێکی تورک بووە ، چالاکڤانێکی ژنان بووە بووە لە ناوخوینکاران و خوازیار بووە کە زمانی کوردیش لە زانکۆکانی تورکیادا بخوێندرێ هاوشانی زمانی تورکی، هەروەها زیندانی بووە لەسەر کەمپەینی خوێندکاران، هەردوکیان گەریلا بوون و لە نزیک شاری قەڵادزێ لە دەڤەری پشدەرساڵی 2005 بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمۆبیل گیان لە دەست ئەدەن.

{لێرەدا ئیستێکم کرد و کەوتمە بیر کردنەوە: بۆ منێکی خەڵکی ئەو دەڤەرە و ئەو و ئەوانێکی وەڵاتیکی ترو نەژادێکی تر کە چەندین فرسەخ لە ئێمەوە دوورن، لە پێناو خزمەت کردن و بەرگری کردن لەمافی مرۆڤەکانی ترو نەتەوەکانی تر تەمەنی جوانی خۆیان چلۆن بەخت ئەکەن،! پووچی بیرۆکەی ڕاسیستی و ، ڕاستی ئەوە دەسەلمێنێ کەئەوە نەتەوەکان نین دژی یەکتربن بەڵکە ڕژێم ودەسەڵاتدارانی فاشیستن، ئەگینا ئوتا یەکی ئەڵمانی و ئەمارایەکی تورک نەژاد بۆ دەبێ لە بناری قەندیل بە خاک بسپێردرێن .... ؟

ئای کەچ هەست و ئیحساسێکی بەرزو پیرۆزە ئەو مرۆڤانە هەیانە لەهەمبەر گەلانی تر، کەچی ئێستا دەسەڵاتدارانی خۆمانی "هاوزمان" ئابلۆقەیان لەسەر دادەنێن...}.

ناوی ناوەند: Navenda Jivana Jine UTAMARA لەساڵی 2006 دامەزراوە، پێشتر ساڵی 2001 لە هۆڵەندا پرۆژەی وەقفی ژنانی ئازادی نێونەتەوەیی لە ئەمستەردام دامەزرا، دواتر گوازراوە بۆ ڕۆتەردام لە ووڵاتی هۆڵەندا، تێدەکۆشین بۆ پەروەردەکردن و ئاگایی ژنان و بەگەڕخستنی تواناکانیان و هەروەها دژی هەموو جۆرە توندوتیژیەکین، من لە کۆنسەی ڕابەری بووم لە گەڵیان و ئێستاش هەر کار دەکەم لە گەڵیان.

**- ئەو کارانەی کردوتانە تا ئیستا چین؟**

بیجگە لە کۆڕو سیمنارو کردنەوەی خولی جۆراوجۆر، دیارترینیان پرۆژەیەکە، کە ئێستا خۆی لەپەرتوکێکدا بەرجەستە کردوە، کە لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ 1127 ژنی کورد کردوە لەهەموو پارچەکانی کوردستان و هەروەها هەندەران، کتێبەکە بەزمانی کوردی ( کرمانجی) و ئینگلیزی بلاو کراوەتەوە 2007 لەدوو تویێ بەرگێکدا کە نزیکەی 180 لاپەرەیەک دەبێ



psychological Consequences of Trauma Experiences on the Development of migrated Kurdish Women in the Europpean Union بەهاوکاری زانکۆی ئوتریش بەشی سایکۆلۆجی و ناوەندی راگەیاندنی کوردی لە پاریس هاتۆتە چاپ کردن، بە نیازیشن بیکەن بە ئەڵمانی. ئەم پەرتوکە بەشی یەکەمی باس ا- لە ڕەوشی ژنانی کوردلەهەر چوار پارچەی کوردستان ب- ڕەوشی ژنانی کوردی پەنابەر لەیەکیەتی ئەوروپا دەکا.هەروەها بەشی دووەمی تەرخان کراوە بۆ ئەنجامەکانی دوایی ئەم لێکۆڵینەوە ئینجا پێشنیار و دواتر چاوپێکەوتنەکان و گفتوگۆکان لە گشت بوارەکانی ژیاندا، توندو تیژی ، پیاو سالاری، ئاوارەبون ، پەناهەندەیی ....هتد و ئەنجامەکانی لەسەر سایکۆلۆجیەتی ژنان باس دەکا.

**- ئەی ئێستا چی پرۆژەیەک و کارێکی ترت هەیە ؟**

هەر ئەم پرۆژەیەیە هەوڵ دەدەم گەورەترو مەزنتری بکەم

**دوا پەیامت ؟**

**ئەز دخازم بدل وجان خەبات بکەم.**

تێبینی :
ئەم دیمانەیە بەهاوکاری خوشکی بەرێز تابان سەکایە ئەنجام دراوە، کەیارمەتی دام لەشێوە زاراوەی کرمانجی دا.

2007/12/10